
www.kurdistannet.org
10-10-2006 18:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جینۆساید، دادگا، ڕەوشت ... عوسمان عەسکەری

(بەرنارد شۆ دەڵێت. بۆ هەر مرۆڤێک بەتەنها یەک ڕەوشتی ڕاست هەیە، بەڵام ئەورەوشتەڕاستە لەلای هەمو مرۆڤەکان وەکویەک نیە)



جەنگی نێوان گەلی کوردو ڕژێمە دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکانی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت عێراق دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 80 ساڵ. واتە پاش لەناوچونی ئیمپراتۆری عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی. هۆکارێکی ستراتیژی گەشە سەندنی جەنگ لەنێوان گەلی کوردو ڕژێمەداگیرکەرەکانی و بەتایبەت ڕژێمی عێراقی. تەنها هەوڵی کورد لەپێناو ئازادبون لە ستەمو ژێردەستەیی بوو. گەلی کوردستان خەباتیان دەکرد دژی مانەوەی کوردستان بەلکاوی لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانیدا. داگیرکەرانیش بەمەبەستی ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یان ڕێ گرتن لە بونی هەرێمێکی نیمچەسەربەخۆ سیاسەتی زەبروزەنگیان پیادە دەکرد. فشاری ڕژێمەکان گەیشتە ئەوئاستەی کە لەناو گەلی کوردستاندا مۆدێلێکی نوێی خەبات، بەفۆرمێکی نوێی ناسیۆنالی کوردیەوە هاتە مەیدانو شۆڕشی دژی ستەمی داگیرکەر بەرپاکرد. ئەم جۆرە بیرە تا ئەندازەیەک گەیشتە نێوان سەرجەم گەلی کوردو هەموو کوردستانی گرتەوە. جیهان شایەتحاڵی 80 ساڵ شەڕی خوێناوی کوردستانە کە بەستراتیژی دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرا تاگەیشتە ئەو ئاستەی کە ئیدی پاکتاوی نەژادی گەلی کورد و سڕینەوەی کوردستان لەسەرنەخشەی جیهان بوو بە ستراتیژیەتی ڕژێمەداگیرکەرەکانی کوردستان بەتایبەتی ڕژێمی بەعسی لەناو چوو کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەوستراتیژیەی گرتە ئەستۆو کەوتە جێ بەجێ کردن، بەهەنگاوەکانی ئەشکەنجەدانو دەستدرێژیکردنەسەر ژنان، ڕاگواستن، کۆکوژی، بەمەبەستی پاکتاوی نەژادی و سڕینەوەی گوندەکانی کوردستان. ڕژێمی بەعس دوای ڕێکەوتن نامەشومەکەی جەزائیرو پاش شکستی شۆڕشێ ئەیلول لەسەرەتای ساڵی 1976 کەوتەڕاگواستنی گوندەسنوریەکان و 1983 ئەنفالکردنی بارزانیەکان و 1986 و 1987 کیمیابارانکردنی زۆرێک لەگوندەکانی کوردستان، وە 1988 کیمیابارانو ئەنفالکردنی زیاتر لە 182 هەزار مرۆڤی کورد و کاول کردنی زیاتر لە 4000 گوندی کوردستان و کیمیاباران کردنی هەڵەبجەو لەناودانی 5000 مرۆڤی دیکەی کورد. ئەمانە هەموی بەرنامەی ستراتیژی حزبی
بەعسی دەسەڵاتداری دەوڵەتی عێراقی بوو. مێدیای جیهان سۆزو ئارەزوی بۆ ئەو ڕوداوە تراژیدیایەی هەڵەبجە دەربڕی و لەکەناڵی تەلەفزیۆنە بیانیەکاندا ڕوداوەکان بڵاو کرایەوە. وێنە پڕ لە دیمەنو گوفتارەکانی قوربانیانی هەڵەبجە بوبون بە مانشێتی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان. بۆیە لێرەدا مێدیا نەک تەنها ڕۆڵی نیشاندانو بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەوتراژیدیایە بینی بەڵکو هەڵوێستو بۆچونی کۆمەڵگای جیهان بەتایبەت وولاتانی ڕۆژئاوای لەمەڕ ڕژێمی بەعسیەکانو بزاڤی ڕەوای گەلی کورد گۆڕی و ڕۆڵی گرنگی ئەنجامدا بۆ بەجیهانگیری کردنی جینۆسایدی کوردستان.
جیاوازی قوربانی و قوربانی هەیە.
تاوانی ئەنجامدانی دەستدرێژی کردنە سەرگەلانی عێراق بەگشتیو جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان بەتایبەتی تەنیا لەئەستۆی چەندتاکێکی بەدڕەوشتی سەرکردایەتی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای دەوڵەتی عێراقی یاخود سەدام حوسێن و داروودەستەکەیدا نیە، بەڵکو لەئەستۆی سەدامو داروودەستەکەی و سەرجەم موئەسەساتەکانی دەوڵەتی عێراقیو نەتەوەی سەردەستو بەتایبەت کۆمەڵگای ڕەگەزپەرستی

عێراقیدایە. سەرجەم هێزە میللیو فەرمیەکانی عێراقی بەشداربون لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستاندا. ئەو سەربازو جاشەخۆفرۆشانەش کە لەڕیزی ڕژێمدا کاریان بۆ جێ بەجێ کردنی ستراتیژیەتی ڕژێمی بەعسی لەناوچو دەکرد، خەڵکی باش یاخود قوربانی هەڵخەڵەتاو نەبون. بەڵکو جەنگی دژی گەلی کوردستان لەناخی بەشێک لەخواستەکانی زۆربەی ئەو کۆنە بەعسیو جاشانەدا بەخێرایی ململانێی دەکردو ببو بەحەزو ئارەزو، ببو بە جۆرێک لەخەونەکانیان، لە تێنەگەیشتنیان تا دەگاتە بەشێکی کۆنترۆڵ نەکراوی ئارەزومەندانەی ژیانیان بۆ جەنگ. لەجەنگدا ڕەوشت نیە چونکە جەنگ خۆی سروشتی بەربەریانەیە. هیچ نیە لەجەنگدا کە بەشێک نەبێت لە سروشتی مرۆڤ بەڵام چۆنیەتی بەکار هێنانی زەبروزەنگ یان چۆنیەتی لەزەت وەرگرتن لەجەنگ و دەسکەوتە تایبەتیەکان وابەستەن بەکەسایەتی و ڕەوشتی خودی مرۆڤەکەوە کەتا چەند لەئاستی داواکانی گشتی کۆمەڵگادا چاوەنوقێنێ یاخود لەداواکانیان تێ ناگاو بەرژەوەندیەکانی خۆی دەپارێزێ. بەڵام ئەوان درکیان دەکرد کە لەلایەن ڕژێمەوە بەکار دەهاتن دژی گەلی کوردستان لەپێناو بەهێزکردن یان پاراستنی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە بەشێوەی کاتی خزمەتی تایبەت بەخۆی دەکات وەک تاکێکی کۆمەڵگا یان وەک خۆفرۆشێک بەم جۆرە وون ببون وە نەیاندەتوانی دەسکەوتە تایبەتیەکانی خۆیان فەرامۆش بکەن و خۆیان بدۆزنەوە لەناو ڕوداوەکاندا. ئەوان توانای دابڕانو جیابونەوەیان لەودەسەڵاتە نەبو. لەجەنگدا مرۆڤ دەتوانێت دژی جەنگ ڕاوەستێت بەڵام جەنگ بە دڕندەیی و بێ یاسای خۆی هەمیشە دەتوانێت ئەو جۆرە مرۆڤانە لەناوبدات کەپێشتر سەربازو جەنگاوەری خۆی بون.

داد پەروەری چیە.

بەرنارد شۆ دەڵێت. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مودێرن دووجۆر ڕەوشتی هەیە، ئێمە ئەو ڕەوشتە پیادە دەکەین کە فەرز نیە، و ئەو ڕەوشتەی کە فەرزە پشتگوێ دەخەین.

بەرلە دەست پێکردنی ئەنفال، سەدام حوسێن (مەلاو عالمە ئاینیەکانی مەزهەبی سوننەی کۆکردەوەو پرسی پێ کردن) (سەرچاوەی ئەم کۆبونەوەیە ڕۆمانی سورسورەی مەرگ. ) (کەئەگەر دارو دەستەیەک یارمەتی دوژمن و پاسدارانی شیعەی ئێران بدات، و بیان هێنێتە سەرمان و عێراقمان لێ داگیر بکات چیان لێ بکەین) مەلای مزگەوتو عالمەکانی ئەهلی سوننە ئەوکات لەعێراقدا فتوایان بۆ سەدام دا. پێ یان گوت ئەنفالیان بکە. واتە کورد ئەنفال بکە. (لەناو مەلاکاندا کورد هەبون) . ئایا دادپەروەری واتە چاو بە چاو ددان بە ددان.. ؟ (العین بالعین و سن بالسن و الباد و ڕڤلم) ئایا ئەمە لە شتێکی جیاواز نادوێت زیاتر وەک لەو دادپەروەری یەی کە ئێمە ئەمڕۆ بیرمان لێ کردۆتەوە. یان ئەمە ئەوە دەبەخشێت کە داوای تۆڵەی قوربانیەکان و تۆڵەی خۆمان لەسەرجەم تاوانباران بکەین. ؟ تۆڵەیەک کە هەمو لایەک بترسێنێ. ئایا تۆڵەو دادپەروەری یەک شتن. ؟ نەخێر من پێم وانیە یاخود هیوادارم لەناخەوە کە وەک یەک نەبن. من پێم وایە کەتۆڵەسەندن کارێکی کۆنەپەرستانەیەو پێویستە جێگەی نەبێتەوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بۆیە (العین بالعین و سن بالسن و الباد و ڕڤلم) بە گوتەیەکی لەناوچوو بێ ئومێدی دادپەروەری دەزانم. لە کۆمەڵگایەکی یەکسانو عادل پێویستە بیر لەتۆڵەی هیچ کارەساتێک نەکرێتەوە بەڵکو کاربکرێت بۆڕێگە گرتن لە دروست بونی کارەسات. وەک ئێمە یاسای ترافیک پێمان دەڵێت ئەوکاتەی ترافیک لایت سور بوو ئۆتۆمۆبێل مەهاوێژە. هەبونی ترافیک لایت کەمکردنەوەی کارەساتەکانی ترافیکە. ڕودانی هەرکارەساتێک پێویستە کە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لێپرسینەوەو بەدواداچونی یاسایی بۆ ئەنجام بدرێت. داگرتنی ئاڵای عێراقی لەکوردستان کە لەژێر سایەیدا کوردستان ئەنفالو جینۆساید کرا بڕیارێکیبوێرانەیە، بەم بۆنەیە پیرۆزبایی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەم. هیوادارم کە سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم بڕیارێک دەربکەن هاودەم لەگەڵ دادگایی کردنی سەدام و دارودەستەکەی، زۆر دادپەروەرانە هەمو

ئەوکۆنە جاشو بەعسیانەش لێپرسینەوەو بەدواداچونیان لەسەر بکرێت. جێگەی داخە بەپێچەوانەی لێپرسینەوە ئەوان هێنراونەتە ناو دەسەڵاتی کوردستانەوەو کولتوری شۆڕشگێڕانەیان لاواز کردوە. زۆرن ئەو جاشو کۆنە بەعسیانە کە سەرەک عەشیرەت یان کەسوکاری هەندێک مەسئول وەیاخود کەسانی نزمو ماستاوچی کە هێنراونەتە ناو ئەودەسەڵاتەی کە بەخوێنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد کە نەعللەتی لەبەعسو دارودەستەکەی دەکرد دروست بوە. سەرانی بەعسی لەناوچو خۆیان شایەدحاڵی زیاتر لە **650000** خۆفرۆشن جگە لەهەزاران ڕەفیقو نەسیرو ئەندامی چالاکی دیکەی بەعس. ئەمە لەکاتێکدا کە ڕۆڵی خۆفرۆشان کەمتر نەبوە لە قوات خاسەکانی جەیشی عێراقی. ئێستاش زۆر لەو خۆفرۆشانە لە بوارەجیاجیاکانی دەسەڵاتی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان پێ دراوە. دورنیە بەشێک لەئەندامانی م. س و بەرپرسە حزبیەکان بەناوی جۆراوجۆرەوە یارمەتیو پارەوپولیان بۆ دابین و پشتگیریان لێ بکەن. لەکۆمەڵگای ئێمەدا زۆرگرنگی نادرێت بە کارکردن بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمە یان بۆ پاراستنی مافی گشتی. کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام دوچاری کەمو کوڕی و پێویستیەکانی ژیان و پێشێلکردنی مافی گشتی دەبێ. ئەمەش کەلێنی نێگەتیف لەڕەوشتی کۆمەڵگا دروست دەکات. لەئەنفالە شومەکەی بەعس من کە پارتیزانێک بوم بەهاودەردی ئەوپارتیزانە خۆگرو قارەمانانەی چەمی ڕێزان کەزیاتر لە 3 مانگ چاوشارکێمان هێندەی لەگەڵ جاشە خۆفرۆشەکاندا دەکرد بە نیو هێندە لە سەربازو قوات خاسەکانی ڕژێمی بەعس خۆمان نەدەشاردەوە. چونکە جاشو خۆفرۆشەکان زیاتر لە هێزە فەرمیەکانی عێراقی، ڕاوەپێشمەرگەیان دەکرد. بۆیە پێویستە حزبو دەسەڵاتی کوردستان بەخۆیاندا بچنەوەو ڕەخنەی ئەخلاقی لەخۆیان بگرن، پیرۆزی گیانی ئەنفالکراوەکانمان، خوێنی شەهیدان، دەسکەوتو سەروەریەکانمان بەرز ڕابگرنو نەیخەینە بەردەستی کۆنە بەعسیەک یان کۆنە سەرەک جاشێک. ئەودەسەڵاتانەی لەبەر خاتری خاترانو گەندەڵەکان کەوتۆتە بەردەستی بەرپرسێکی گەندەڵ یاخود کۆنە بەعسیو کۆنە جاشەوەو زەلیل بوە. ئازاری شەهیدو ئەنفال کراوەکانمان، ئازاری نەوەکانی نوێ و نیشتیمان پەروەرەکانمان دەدات. پێویستە پاکسازی بکرێت و ئەودەسەڵاتە داگیرکراوانە ئازاد بکرێن و بدرێتە گەنجەکانمان. ئەمە کاردانەوەی پوزەتیفی دەبێت، لەسەر جوان کردنی ڕەوشتی بەدبو و زیندوکردنەوەی ویژدانی مردو لەکوردستان. لەناو کۆمەڵگای کوردستان بڕواوخۆشەویستی بۆ نیشتیمان و حکومەتەکەی بەهێز دەکات.

eskerei@yahoo. se